جەماڵ مەلایی

# عەکسێکی تەواو
# قەدەغەمردنم

www.ketab.ir

گوتار ١٣٩٣

مافی لە چاپدانەوەی بۆ شاعیر پارێزراوە

ملایی، جمال
**عەکسێکی تەواو قەد لە مردنم**
سقز: گوتار، ۱۳۹۲
ISBN: 978-600-5647-75-4
موضوع: شعر کردی قرن ۱٤
فهرست‌نویسی بر اساس اطلاعات فیپا
۱۳۹۲ ۷٦ م ۷٤۳ س / PIR ۳۲۵٦ ۲۱ / ۹ فا ۸
کتابخانەی ملی ایران: ۳۳۹۰۰٦۳

www.ketab.ir

**جەماڵ مەلایی**

**عەکسێکی تەواو قەد لە مردنم**

دیزاینی بەرگ: محەمەدرەزا زەینالی

پیت‌چن: فریشتە حاجی‌میرزایی

دیزاینی ناوەرۆک: گوتار

چاپی یەکەم: ۱۳۹۳

ئەژمار: ۱۰۰۰ دانە

ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی گوتار

سەقز، شەقامی ۲۲ بەهمەن (پل هوایی)

تەلەفوون: ۳۲۲۷۰۳۰/۳۲۱۸۰٦۱ ـ ۰۸۷٤

گوتار

www.ketab.ir

## وتەیەک لە گەڵ خوێنەر

شێعر تاقانە دەرفەتێکە بۆ کردنەوەی دەلاقەیەکی نوێ لە زماندا و پشت‌گوێ خستنی ئەو ماندویەتییەی کە ژیانی ڕۆژانە بە مرۆڤی ئەم سەردەمەی دەبەخشێ و هەروەها تاقانە ڕێگایە بۆ هۆنینەوەی ئێش و ئازارەکانی ئەم خەونە کە ناومان ناوە ژیان. بۆ ئەم مەبەستەش پەنا بردن بۆ دونیای خوازە و وێنەکان و خۆ دوورخستنەوە لە زمانی پێوەر و ئاشناییسڕینەوە لە دیاردە شێعرییەکان، دەوری تایبەت دەگێڕن کە ئەگەر وا نەبێ شێعرەکان ناتوانن لە دونیای واقێعدا درێژە بە ژیانی خۆیان بدەن و تەمەنیان زۆر ناخایەنێ‌و لە ماوەیەکی کورتدا تۆزی فەرامۆشی دایاندەپۆشێ، ئەو فەرامۆشییەی کە منی شاعیر بەردەوام لێی ترساوم و هەوڵم داوە لێی بپەڕێمەوە و دووری لێ‌بگرم.

ئەم کۆمەڵە شێعرە وا ئێستا لە بەر دەستدایە لە ٢٥ شێعر پێکهاتووە و بڕێ لە ئەزموونە شێعرییەکانی منی لە چەن ساڵی ڕابردوو لە خۆ گرتووە، هەوڵم داوە لەم کتێبەدا ئەو شێعرانە دابنێم کە خۆیان لە کایەی زمانی

ئەویش لە شکڵە ڕووکەشییەکەیدا پاراستووە و ئەگەریش زمانشکێنییەک بوونی هەبێت تایبەتمەندی خودی زمانەکەیە و کێشانەدەرێی ئەو پوتانسیەلەیە کە لە زمانی کوردیدا خۆی حەشارداوە. پێموایە ئەو کایە زمانیەی وا لە چەن ساڵی ڕابردوودا ئەدەبیاتی ئێمە بەتایبەت جیهانی شێعری داگیر کردبوو، زۆرتر ببووە هۆی لە کار خستن و ئیفلیج کردنی زمان و لەمپەرئاسا نەیهێشت زمانی شێعریی ئێمە پرۆسەی لۆژیکیی خۆی تێپەڕێنێت.

ئەوەی وا لەم کۆمەڵە شێعرە دا مەبەستی من بووە و هیوادارم پێکابێتم ئەوەیە کە جارێکیتر خوێنەر لەگەڵ سیمای ڕاستەقینەی شێعردا بەرەوڕوو بکەمەوە و پێی بڵێم کە شێعر لە ڕوانگەی منەوە ئەو جیهانە پان و بەرین و پڕ لە کارەساتەیە کە شاعیر دەبێ بە زمانێکی پاراو و بێخەوش کارەسات و دەرد و کەسەرەکانی خۆی و مرۆڤی لێقەوماو و سەرگەردانی سەردەمی خۆی ڕەوایەت بکات. خاڵێکیتر کە لێرەدا شیاوی ئاماژە

پێکردنه و لەزۆربەی ئەم شێعرانەدا شوێن پێیان زەق و دیارە، بەکاربردنی توخمە سروشتییەکان و ڕەنگدانەوەیان لە جیهانی شێعرەکاندایە. هەر بۆیە هەوڵم داوە زۆرتر دونیایەک بگێڕمەوە کە لە ژیان و دەروون و جوغرافیای من نزیکترە و بۆ خوێنەری کورد بەرهەستترن و ژێستی ئەو کەسانە بەخۆوە نەگرم کە وەهمی ئەوە گرتوویانی کە ئەگەر کەرەستەکانی دونیای مۆدێرن بێننە ناو شێعرەکانیان، شێعرێکی مۆدێرن و ئەمڕۆییان خولقاندوە. کەچی من لاموایە ئەو مۆدێرن بوونە دەبێ لە چۆنیەتی ڕوانین و مانا بەخشین بە دیاردەکان لە قەوارەیەکی نوێدا خۆی نیشان بدات، بێگومان ڕەوایەتکردن و بە شێعر دەرهێنانی ئەو سروشتە سەرکەشە زمانێکی سەرکەش و کەوی نەکراوی پێویستە کە من بەش بە حاڵی خۆم هەوڵم بۆ داوە و ئیتر چەندە لەم ململانێدا سەرکەوتوو بووبێتم داوەری کردنی لە ئەستۆی خوێنەرە.

www.ketab.ir

هەر لێرەدا بە پێویستی دەزانم سپاسی هەموو ئەو کەسانە بکەم کە هانیان دام بکەومە هەوڵی کۆکردنەوە و لە چاپ دانی ئەم کتێبە. سوپاسی نووسەری بەرێز و گەورەی کورد کاک «عەتا نەهایی» دەکەم کە بە وردبینییەوە شێعرەکانی بەر لە چاپ خوێندەوە و هەندێ پێشنیاری بەکەڵکی پێدام و هەروەها هاوڕێی بەڕێزم «ئەمجەد غولامی» کە ئەرکی هەڵەچنییەکەی لە ئەستۆ گرت و برای فەرهەنگ دۆستم «مەسعوود وەرمەزیار» کە ئەگەر ئەو نەبوایە ئەم شێعرانە هێشتا هەر لە ناو کتێبخانەکەی خۆم دەمانەوە و بەم زوانە خۆیان لە قەوارەی کتێبدا نەدەبینییەوە.

بە سپاسە وە

[redacted]